# کێشە سیاسییەکانی زمانی یەکگرتووی کوردی

ڕێبین فەتاح

ئەگەرچی بەگوێرەی دەستووری هەمیشەیی عیراق، زمانی کوردی دووەم زمانی فەرمییە لە عیراقدا، بەو پێیەش دەبێت لە تەواوی نووسراوە فەرمییەکان، پارەو دراوەکانی عێراقیشدا بەکاربهێنرێت، بەڵام وەك دەبینین لە نووسراوە فەرمییەکانی عێراقدا تەنها زمانی عەرەبی بەکاردەهێنرێت. ئەگەر ئەمە لە خاڵی یەکەمدا پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عێراقەوە هەبێت، لە دووەمدا پەیوەندی هەیە بە خودی کێشەکانی زمانی کوردی خۆیەوە. لەبەرئەوەی تا ئێستا ئەوە یەکلایی نەکراوەتەوە کە زمانی کوردی کامەیە! ئێستا لە کوردستاندا چەند شێوەزار لەزمانی کوردیدا ئامادەییان هەیە، بەتایبەت لە پاش راپەڕینەوە کە شێوەزاری کرمانجی سەروو لە باشووری کوردستاندا پەرەیسەندو چەند رۆژنامەو گۆڤارو کتێب بەو شێوەزارە چاپ کران. پەرەسەندنی ئەو شێوەزارە راستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی دروست کرد بۆ سەر زمانی یەکگرتووی کوردی و بەو هۆیەوە تا ئێستا نەتوانرا زمانێکی یەکگرتووی کوردی بڕیاری لەسەر بدرێت. کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان، دروست بوونی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی و مانەوەیان لەسەر تەختی دەسەلاتدا، جارێکی تر کێشەکەی قوڵتر کردەوە. ئەمە لەکاتێکدا لە نووسراوە فەرمییەکانی حکومەت و پەرلەمان و دەسەلاتی دادوەری لە کوردستاندا هەر ئەو شێوەزارە بەکاردەهێنن، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و لە عێراقیشدا سەرۆك کۆمار (بەو پێیەی کە کوردە)، لەدانیشتنەکان و لێدوانە فەرمییەکاندا بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست قسە دەکەن لەبەرئەوەی دڵنیان، ئەو شێوەزارە لە زمانی کوردیدا جێگەی گرتووەو ئەستەمە شێوەزارێکی دیکە جێگەی پێ لەق بکات، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆ بڕیار لەسەر ئەو شێوەیە نادرێت وەك زمانی یەکگرتووی کوردی بۆ ئەوەی بە فەرمی بناسرێت و بەکاربهێنرێت ، هۆکاری ئەمە ئاشکرایە لەبەرئەوەی شێوەزاری کرمانجی سەروو لەروویەکەوە لەسەر پارتی حساب دەکرێت، بەمەش کێشەی زمانی کوردی دەبێتە کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی .

لەو روانگەیەوە نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی بە کێشەیەکی سیاسی دەزانم کە دەبینم شێوەزارێك هەیە زیاتر لە دوو سەدەو نیو دەبێت بەکاردەهێنرێت و کاری پێدەکرێت، ئیتر ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی یەکگرتووی کوردی لە خۆی لە خۆیدا ئامادەیی هەیە، بەڵام لە ئاستی فەرمیدا دانی پێدانەنراوە. لەکاتێکدا دەبینین بەکارهێنەرانی شێوەزاری کرمانجی سەروو بۆ چەسپاندنی شێوەزارەکەیان بیانووی ئەوە دەهێنەوە کە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو شێوەزارە زۆرترە لەژمارەی بەکارهێنەرانی شێوەزاری کرمانجی ناوەراست، بەڵام ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێین پێویستە هەموو نەتەوەکانی جیهان بە زمانی چینی قسە بکەن، لەبەرئەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی زمانی چینی لە تەواوی زمانەکانی جیهان زیاترە!

دیارە لە چەند ساڵی رابردوودا چەند کۆنفرانسێکی بەرفراوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زمانی یەکگرتووی کوردی بەستران بەڵام کەم و زۆر هیچیان بە هیچ نەکرد، لەبەرئەوەی کێشەکە کێشەیەکی سیاسی بوو ، ئەمانیش لەرووی زانستی زمانەوانییەوە خۆیان هیلاك کرد.

کەواتە پێویستە هەرچی زووە سەرکردایەتی سیاسی پارتی و یەکێتی ئەو ناکۆکییە چارەسەر بکەن و چیتر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرژەوەندی نەتەوەکەیان نەخەنە مەترسییەوە. لەبەرئەوەی تەنها بڕیارێك کە بتوانێت کێشەی زمانی کوردی چارەسەر بکات بڕیاری سیاسییە.